# لەجامی یەکێتی ئاسیا.. سبەی هەولێر دەی

لەچوارچێوەی یارییەکانی جەولەی دووەمی قۆناغی یەکەمی جامی یەکێتی ئاسیا بۆتۆپی پێی لەکۆمەڵەی دووەم، یانەی هەولێر سبەی سێشەممە میوانداری یانەی عروبەی یەمەنی دەکات لەیارییەکی گرنگ و بەهێزدا.

### هەولێر خۆی ئامادەکردووە

دوای ئەوەی یانەی هەولێر توانیان لەدوایین یارییەکانی خولی بژاردەی عێراقی سەرکەوتنی گرنگ بەسەر یانەی کەرکوك بەدەستبهێنن و ببنە پاڵەوانی قۆناغی یەکەمی خولی بژاردەی عێراقی، دەستەی ڕاهێنەرانی یانەی هەولێر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یانەی عروبەی پێشەنگی کۆمەڵەی دووەم یانەی هەولێر ئامادەکاری باشی کردووە، لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو بەسەرپەرشتی ڕاهێنەری یانەکە نزار مەحروس چارەسەری خاڵە لاوازەکانی تیپەکەیان کردووە، تەواوی یاریزانانی یانەی هەولێریش ئامادەن بۆ ئەنجامدانی ئەو یارییە چارەنووسسازە.

### گشت یاریزانەکان ئامادەن

تەواوی یاریزانانی پیشەگەر و یاریزانانی هەڵبژاردەی عێراقی لەگەڵ یانەی هەولێر ڕۆژانە دوایین یەکە مەشقیەکانی خۆیان ئەنجامداوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی یانەی عروبە، هیچ یاریزانێکی یانەی هەولێر پێکانی نییە، جگە لەیاریزانانی عێراقی ئەستێرەکانی یانەی هەولێر لوئەی سەلاح و مەهدی کەریم و ئەمجەد ڕازی و ئەحمەد ئەیاد و هەریەك لەیاریزانانی پیشەگەر نەدیم سەباغ و ئیفی ئۆبۆدی نێجیری و عەبدولڕەزاق حوسێن ئامادەن بۆیارییەکە، یانەی هەولێر لەهیچ هێڵێك کێشەی نییە.

### یانەی عروبە لە دوایین یاری دۆڕاوە لەخولی یەمەنی

یانەی عروبەی یەمەنی لەدوایین یارییەکانی خۆیدا لەخولی یانە پلە یەکەکانی وڵاتی یەمەن تووشی دۆڕان هاتووە لەبەرامبەر یانەی شەعب حەزرەمەوتی، دوایین ڕیزبەندی یانەکان بەئەنجامی (٣-٢)گۆڵ و لەڕیزبەندی یانەکان یانەی عروبە لە پلەی حەفتەم دێت بە کۆکردنەوەی ١٤خاڵ، لەم وەرزەش ئاستی وەکو پێویست نەبووە لەیارییەکان لەچاو پارساڵ، لەیەکەم یاریشی لەجامی ئاسیا لەیانەی ئێست بەنگالی هندی



## پاڵەوانێتی شەترەنجی یاریزانانی دهۆک ئەنجامدرا

لەشاری دهۆك بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یاری شەترەنج لەشارەکە و پێشکەوتنی یاریزانانی بەتوانای شاری دهۆك لەیاری شەترەنج، لقی دهۆکی یەکێتی شەترەنج هەڵسا بەئەنجامدانی پاڵەوانێتی شەترەنج بۆ یاریزانە بەتواناکانی شاری دهۆك لەئاستی کوڕان، یارییەکانیش ڕۆژانە لەهۆڵی کۆڕبەندی یەکێتی قوتابیان ئەنجامدرا بۆماوەی سێ ڕۆژ ١٠یاریزانی ئاست بەرزی شارەکە کێبڕکێیان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی نازناوی خولەکە کە یارییەکان بەشێوەی سویسری بۆ ٩جەولە بەڕێوەچوو، ئەنجامی کۆتاییش بەمشێوەیەی خوارەوە بوو.

١-عەلی سادق ٨، ٥خاڵ، ٢-بێوارجەعفەر ٧، ٥خاڵ، ٣-کاوە ڕەمەزان ٧خاڵ



## پێنجەمین جامی ڤیڤا لەهەرێمی ک

یەکێتی تۆپی پێی کوردستان ئەوەی ئاشکرا کرد کە لەنێوانی مانگی ٥و٦ی ئەمساڵ جامی جیهانی ڤیڤا بۆنەتەوە بێ دەوڵەتەکان لەهەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت، کوردستانیش ئامادەکاری تەواوی کردووە بۆ لەباوەشگرتنی ئەم پاڵەوانێتیە کە بڕیارە ١٠ هەڵبژاردەی جیهانی لەهەرێمی کوردستان ململانێ لەسەر بەدەستهێنانی نازناوی جامی جیهانی ڤیڤای ٢٠١٢ بکەن، لەم بارەشەوە سەلام حوسێن سکرتێری یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بۆ فایلی وەرزشی گوڵان گوتی «لەدرێژەی ئامادەکارییەکانی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان هەر چەندە لەماوەی ڕابردوو یەکێتی تۆپی پێی کوردستان چەند ئاستەنگێکی هاتە پێش ئەویش چۆنیەتی دابینکردنی پلێتی سەفەرکردنی هەرێمەکان بوو بۆ کوردستان ئێمەش ئەو گرفتەمان ئاڕاستەی سەرووی خۆمان کرد، زۆر بەخۆشحاڵیەوە ئەوانیش ڕەزامەندیان لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان دەربڕی، بەدڵنیاییەوە لەمانگی ٥یان لەمانگی ٦ پێنجەمین جامی جیهانی ڤیڤا لەهەرێمی کوردستان بە بەشداری ١٠هەڵبژاردەی هەرێمی پێشکەوتوو ئەنجامدەدرێت. هەرچەندە هەرێمی زیاتر داوای بەشداری کردنیان دەربڕی بوو، بەڵام ئێمە ٩هەڵبژاردە هەڵدەبژێرین لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستانیش دەکاتە ١٠هەڵبژاردە، بەهیوای ئەوەشین خەڵکی کوردستان هاوکاری پاڵەوانێتیەکە بن و هاوکاری و پشتگیری یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بن بۆسەرخستنی ئەم پاڵەوانێتیە بتوانین بەباشترین شێوە خزمەتی ئەو پاڵەوانێتیە بکەین و ڕووی گەشی هەرێمی کوردستان پێشانی میوانانی دەرەوەی کوردستان بدەین. لەبارەی یاریگاکانیش ئێمە پێشتر داوای



# ـــــــەوێت خۆی بگەیەنێتە پێشەنگی یانەکان

بردەوە لـــەدەرەوەی یاریگای خـــۆی بەگۆڵێکی بێ بەرامبەر.

**یاریزانان و دەستەی ڕاهێنەرانی هەولێر گەشبینن**

عومەر مەجید یاریـــدەدەری ڕاهێنەری یانەی هەولێر بۆ فایلی وەرزشـــی گوڵان خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ ڕووبەڕووبونەوەیان لەگەڵ یانەی عروبەی یەمەنی و گوتیشـــی «بۆ ئەم یارییە ئامادەکارییەکی باشمان کـــردووە بۆئـــەوەی بتوانین قەرەبـــووی یاریی یەکەم بکەینەوە، کە لەســـەر یاریگای خۆمـــان دوو خاڵی گرنگمان لەدەستدا لەبەرامبەر یانەی کازمەی کوێتی، گوتیشی زانیاری تەواومان لەسەر شێوازی یاریکردنی یانەی عروبە هەیە و هەردوو یارییەکەشـــمان لەجامی ئاسیا لەسەر یاریگای شەهید فرەنسۆ هەریری دەبێت، بۆیە چاومان لەســـەرکەوتنە لـــەم دوو یارییە و هیچ کێشـــەو گرفتێکمان نییە لەیانـــەی هەولێر، ئەمجەد ڕازی هێرشـــبەری یانەی هەولێر گوتی «پەنا بەخوا سەرکەوتن بەدەست دەهێنین و هیچ کێشە و گرفتێکمان نییە و سەرکەوتن بەشـــی ئێمە دەبێت، دەمانەوێ ئەو هەلە بقۆزینەو کە یارییەکە لەســـەر یاریگای خۆمان ئەنجام دەدەین.

**هاتنە ژوورەوە بەخۆڕاییە**

سبەی سێشـــەممە یانەی هەولێر لەســـەر یاریگای فەرەنســـۆ هەریری لەشـــاری هەولێـــری پایتەختی کوردســـتان لەکاتژمێر ٤ی ئێوارە ڕووبەڕووی یانەی عروبەی یەمەنی دەبێتەوە، بۆئەم مەبەستەش دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێـــر بڕیاریداوە کە پلیتی هاتنە نێو یاریگا بۆگشـــت هاندەرانی ئامادەبوو بەخۆڕایی بێـــت، هیچ بڕە پارەیەك بۆکڕینـــی پلیت لە هاندەران وەرناگیرێ.

**هەولێر چاوی لەپشتگیری جەماوەرەکەیەتی**

یانەی هەولێر لەم یارییە بۆئەوەی بتوانێ بەربەســـتی یانـــەی عروبەی یەمەنـــی ببڕێت، پێو یســـتی بەهاندانـــی هاندەرانی یانەکەیـــە بۆئـــەوەی بەدرێژایی یارییەکە هانـــی تیپەکەی خۆیان بدەن، بێگومان هاندەران بـــە یاریزانی ژمارە ١٢دادەنرێت لەنێو یاریگا.

**خشتەی یارییەکەی تر**

کازمەی کوێتی —ئیست بەنگالی هیندی

**ریزبەندی یانەکان**

١-یانەی عروبەی یەمەنی ٣ خاڵ
٢-یانەی هەولێر ١خاڵ
٣-یانەی کازمەی کوێتی ١ خاڵ
٤-ئیست بەنگالی هیندی ٠ خاڵ



## ـــــــوردستان لەکاتی خۆی ئەنجام دەدرێت

نۆژەنکردنەوەی یاریگاکانمان کردبوو لەرێگای پەرلەمانی کوردســـتان بودجەشی بۆدابیـــن کرابوو، زۆریشـــمان پێباش بوو کە یاریگاکان نـــۆەژن بکرابانەوە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی کەمتەرخەمی لایەنی پێوەندیدار بەتایبەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان نەتوانرا ئەو یاریگایانە نۆژەن بکرێتەوە، بێگومان پێویستیمان بەو یاریگایانە هەبوو، چونکە بۆئەنجامدانی پاڵەوانێتی وا گەورە پێویستی بەیاریگای تازە هەیە یاخود یاریـــگاکان نۆژەن بکرابایانەوە، هەر چەندە ئێمـــە داوای نۆژەنکردنەوەی یاریگاکانمان کردبوو نەك دروســـتکردنی یاریگای تازە، بەڵام بەداخەوە جێبەجێ نەکرا، بۆ یارییەکانی جامی جیهانی ڤیڤاش یاریگاکانی شەهید فرەنسۆ هەریری و یاریگای ســـلێمانی و یاریگای دهۆك و یاریگاکانی یانەی ئارارات و یانەی هەندرێـــن ئامادەن و گرفتمان نابێـــت لە ئامادەکردنی یاریگاکان.



## کوڕە کوردێک دوو مەدلیای زێڕی بەدەستهێنا

لەوڵاتی ئیمارات لەشـــاری دوبەی وەرزشـــکاری کوردی خاوەن پێداویستی تایبەت کۆڤان حەســـەن یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی خاوەنی پێداویســـتی تایبەتی هەڵبژاردەی عێراق و یانەی دهۆك، لەپاڵەوانێتی فەزاعی نێودەوڵەتی بۆ یـــاری گۆڕەپان و مەیدانی یاریزانانی خاوەن پێداویســـتی تایبەت، لەم پاڵەوانیتیـــەش کە لەوڵاتـــی ئیمارات ئەنجامدرا، کۆڤان توانی ئاســـتێکی بەرز لەهاوێشـــتنی ڕم و قورســـایی پێشـــکەش بـــکات و دوو مەدالیای زێڕ بەدەســـتبهێنێت، وەکو نوێنەری کوردســـتانیش لەم پاڵەوانێتیە شان بەشانی یاریزانانی هەڵبژاردەی عێراق بەشـــداربوو، لەلایەن خۆشیەوە کۆڤان حەسەن خۆشحاڵی خـــۆی دەربڕی بە بەدەســـتهێنانی دوو مەدلیـــای زێڕ و هیوای ئەوەشـــی خواســـت لەپاڵەوانێتیەکانی داهاتوو ئەنجامی شایستەتر بەدەســـت بهێنێت، شایەنی باسە لەپاڵەوانێتی جیهانیـــش لەوڵاتی چیك بۆئاســـتی لاوانی خاوەن پێداویســـتی تایبەت توانی دوو مەدالیای زێڕ و یەکی زیویش بەدەست بهێنێت.



# یۆرگن کلۆپ: گواردیۆلا باشترین ڕاهێنەری جیهانە

ڕاهێنەری یانەی بروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی یۆرگن کلۆپ ڕایگەیاند کە ئەو پێیوایە پیپ گواردیۆلا ڕاهێنەری یانەی بەرشلۆنە باشترین ڕاهێنەرە لەسەر ئاستی ڕاهێنەرانی ئێستای جیهاندا، ئەوەشی دووپاتکردەوە کە ئەو لەگەڵ یاریزانەکانی کۆدەبێتەوە بۆ سەیرکردنی یارییەکانی کلاسیکۆ لەنێوان ڕیال مەدرید و بەرشلۆنە، کلۆپ لەچاوپێکەوتنێکی لەگەڵ گۆڤاری دێرشبیگەلی ئەڵمانی دەربارەی باشترین ڕاهێنەری جیهان گوتی: گواردیۆلا باشترین ڕاهێنەرە لەجیهان و لەکارەکانم لەگەڵ یانەی دۆرتمۆند هەوڵ دەدەین لەسەر شێوازی ئەو کار بکەم. هەروەها کلۆپ گوتی: ناکرێت ناوی من لەگەڵ ناوی گواردیۆلا بێت، کاتێك بەرشلۆنە لەبەرامبەر ڕیال مەدرید لەکلاسیکۆ یاری دەکات ئێمە هەموومان لەبەرامبەر لاپتۆپ کۆدەبینەوە بۆ سەیرکردنی یارییەکە لەڕێگای ئینتەرنێتەوە و زۆر دەماگیر دەبین کاتێك وێنەکە پچڕپچڕ دەبێت. دەربارەی هۆکاری دەرچوونی یانەکەی لەقۆناغی گروپەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا کلۆپ گوتی: هۆکارەکە بۆ کەمی ئەزموونی یاریزانەکان دەگەڕێتەوە، ئەزموون بەوانە دروست نابێت بەڵکو ئەزموون لەبەردەوامی یاریکردن پەیدا دەبێت.



# سوارێز لەدەرگای پاریسییەکان دەدات

یاریزانی یانەی لیڤەرپول لویس سوارێز دانی بەوە دانا کە لاری نابێت لەبیرۆکەی پێوەندی کردنی بەیانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی، سوارێز لەلێدوانێکیدا بۆ کەناڵی (کەنال پلوس)ی فەرەنسی ڕایگەیاند کە ئەو بیرۆکەی پێوەندیکردنی بەیانەکەی پایتەختی فەرەنسا ڕەت ناکاتەوە و گوتی: لەفەرەنسا چەندین یانەی گەورە هەن یەکێك لەوان یانەی پاریس سان جێرمانە، لێپرسراوانی ئەم یانەیە هەموو توانای خۆیان تەرخانکردووە بۆ ئەوەی بگەن بەڕیزی یانە گەورەکانی جیهان.

هەروەها ئەستێرەی یانەی لیڤەرپول دووپاتیکردەوە و گوتی: من دەمێکە ئارەزووم هەیە لەگەڵ هاوڕێکەی خۆم لەهەڵبژاردەی ئۆرگوای لۆگانۆ یاری بکەم و بەشداربم لەسەرکەوتنی پرۆژەکەی یانەی پاریس سان جێرمان.

ڕاپۆرتە هەواڵەکان ئاماژەیان بەوە کرد کە یانەی پاریس سان جێرمان خۆی ئامادە دەکات بۆ پێشکەشکردنی بۆندێکی گران بەها بۆ یانەی لیڤەرپول لەهاوینی داهاتوو بەتایبەتی کە یانەی پایتەختی فەرەنسا بەهیوای بەشداریکردنە لەوەرزی داهاتووی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، لەهەمان کاتدا ڕاهێنەری یانەی لیڤەرپول کینی دالگلیش بیرۆکەی دەست بەرداربوون لەسوارێز ڕەتکردەوە و گوتی: هیچ یانەیەك دەربارەی سوارێز قسەی لەگەڵ نەکردووین، بەڵام هیچ گۆڕانکارییەك ڕوو نادات و ئێمە دەست بەرداری ئەو یاریزانە نابین.





# مانشینی: دێربی مانچستەر پاڵەوان پریمەرلیگ دیاری دەکات

ڕۆبەرتۆ مانشینی ڕاهێنەری یانەی مانچستەر سیتی پێشبینی ئەوە دەکات کە یاری دێربی مانچستەر لەنێوان هەردوو یانەی مان سیتی و مان یونایتد چارەنووسی پاڵەوانی خولی یانە نایابەکانی ئینگلتەرا دیاری دەکات، مانچستەر سیتی پێشەنگی یانەکانی خولی ئینگلتەرای لەدەستدا بۆ بەرژەوندی شەیتانە سوورەکان دوای دۆڕاندنی بەرامبەر سوانزی سیتی و بردنەوەی مانچستەر یونایتد بەرامبەر وێست برۆمیج ئەلبیۆن، مانشینی دوودڵ نەبوو لەمتمانەی بەتیپەکەی لەململانێ لەسەر نازناوەکە و داوای لەیاریزانەکانی کرد کە یەکگرتوو بن لەیارییەکانی داهاتوو بۆ بردنەوەی نازناوەکە.

مانشینی لەلێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: گرنگ نییە مانچستەر یونایتد چی دەکات، گرنگ ئەوەیە ئێمە چی دەکەین و لەبەرامبەریان دەوەستین تا دوا وێستگە، هێشتا ١٠ یاریمان لەپێشە و لەوانەیە لەهەر هەفتەیەك گۆڕانکاری ڕووبدات.

هەروەها مانشینی دووپاتیکردەوە و گوتی: زۆر گرنگە ئێمە یەکگرتوو بین، وەرزی ئەمساڵ دوور و درێژە و کاتیشمان لەپێشە، ئێمە ئامانجی خۆمان ناگۆڕین، چارەنووسی پاڵەوانی خولی ئینگلتەرا لەهەفتەی ٣٥ بەدیار دەکەوێت لەیاری دێربی مانچستەردا.

شایانی باسە یاری دێربی مانستەر لەنێوان سیتیزن و شەیتانە سوورەکان لەیاریگای ئیتحاد لەڕۆژی ٣٠ ی نیسانی داهاتوو ئەنجام دەدرێت.

# جیرارد: یاریزانەکان لەدۆڕاندنەکانی لیڤەرپول بەرپرسن




ستیڤن جیرارد کاپتنی یانەی لیڤەرپول ڕایگەیاند یاریزانانی تیپەکەی بەرپرسن لەسێ دۆڕاندنەکەی یانەی ڕیدز کە وایلێکرد دوورکەوێتەوە لەپلەکانی پێشەوەی خولی ئینگلتەرا و دوورکەوێتەوە لەبەشداریکردن لەخولەکانی ئەورووپا لەوەرزی داهاتوودا، جیرارد لەلێدوانێکدا گوتی: ناکرێت تیپێك لەئاستی یانەی لیڤەرپول لەو پلەی ئێستای بێت، هەر بۆیە یاریزانەکان لەمبارەیەوە بەرپرسن و کەمتەرخەمن.

هەروها جیرارد گوتی: پێویستە ئێمەی یاریزانان زیاتر سووربین لەبەدەستهێنانی سەرکەوتن لەکاتی یارییەکان و کاردانەوەی بەهێزمان هەبێت، هەموومان هەست بە نائومێدی دەکەین بەهۆی ئەنجامەکانی یانەی لیڤەرپول لەدوا سێ یارییدا، ئێمە دەمانەوێ زەردەخەنە بۆ هاندەرانمان بگەڕێنینەوە لەڕێگای سەرکەوتن لەکاتی یارییەکانی داهاتوودا.

شایانی باسە دوا سەرکەوتنی یانەی لیڤەرپول لەخولی ئینگلتەرا بۆ ڕێکەوتی ٢٠١٢/١/٣١ دەگەڕێتەوە کاتێك بەسێ گۆڵی بێ بەرامبەر لەیانەی ویلڤەر همبتۆنیان بردەوە.

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال



## میسی: بوونی گواردیۆلا لەبەرشلۆنە لەمن گرنگترە


ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە لیۆنیل میسی ڕایگەیاند یانەی بەرشلۆنە زۆر زەحمەتە ڕاهێنەرێك لەتوانای ڕاهێنەری ئێستای یانە پیب گواردیۆلا بدۆزێتەوە ئەگەر گواردیۆلا لەکۆتایی ئەم وەرزە بڕیاری ڕۆیشتن بدات، میسی لەکاتی بەشداریکردنی لەئاهەنگی پێشکەشکردنی یاری (فیفا ستریت)ی ئەلکترۆنی لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی: ئەگەر گواردیۆلا بڕیاری ڕۆیشتن بدات ئەوە زەحمەتە یانەی بەرشلۆنە ڕاهێنەرێك لەتوانای ئەو بدۆزێتەوە، بەرشلۆنە لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا ئەو ئاستە بەرزەی پێشکەشی دەکات هۆکارەکەی بۆ بوونی گواردیۆلا دەگەڕێتەوە، بۆیە من پێموایە کە بەردەوام بوونی گواردیۆلا لەیانەی بەرشلۆنە لەبەردەوام بوونی من بۆ تیپەکە گرنگترە.

سەبارەت بەشەڕە لێدوانەکانی نێوان هەردوو یانەی بەرشلۆنە و ڕیال مەدرید دەربارەی ناوبژیوانانی خولی ئیسپانیا میسی پێیوایە کە هەردوو یانە گەورەکەی ئیسپانیا فشارێکی زۆریان خستۆتە سەر ناوبژیوانان، لەمباریەوە باشترین یاریزانی جیهان لەسێ ساڵی ڕابردوو گوتی: وابزانم ڕیال مەدرید و بەرشلۆنە بەڕێوەبردنی یارییەکانیان لەسەر ناوبژیوانان زۆر زەحمەت کردووە، ئەو کارەش لەو کاتەدا ڕوودەدات کاتێك بەبۆنە و بێ بۆنە باسی ناوبژیوانان دەکرێت، ئەم باسکردنە ڕەخنە بێت یان ستایش بێت، سروشتی کاری ناوبژیوانان زۆر سەخت و زەحمەتە، لەگەڵ فشاری ڕیال و بەرشلۆنە کارەکەیان زەحمەتر دەبێت، بەڵکو لەهەموو هەفتەیەك کاریگەری لەسەر یارییەکان دەبێت.

# یاریگای ئۆڵۆمپی کەرکووک چاوەڕوانی تەواوبوونی نۆژەنکردنەوەیە

دوای رووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك بەهۆی خراپی بارودۆخی ژیانیان روویان لە یاریگای ئۆڵۆمپی کەرکووك کرد و تێدا نیشتەجێ بوون، دواتر بە فەرمانی سەرۆك کۆماری عێراق بڕیاردرا ئەم یاریگەی چۆڵ بکرێت و گشت خێزانەکان بە بڕێك پارە قەرەبوو کرانەوە، کە زیاتر لە ٤٨٥ خێزان بوون، دوای چۆڵکردنی یاریگاکە وەزارەتی وەرزش و لاوانی عێراق بڕی ٢٥ ملیار دیناری بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەم یاریگایە تەرخان کرد، دوای چاوەڕوانییەکی زۆر کۆمپانیای جێبەجێکار پێش سێ مانگ دەستی بە نۆژەنکردنەوە کرد کە بڕیار وایە ماوەی ساڵێك و شەش مانگ بخایەنێت.

نۆژەنکردنەوەی یاریگای ئۆڵۆمپی کەرکووك گۆڕینی چیمەنی یاریگا و دانانی کورسی لەسەر پەیژەکان و دانانی تارتان و چاککردنەوەی رووناکی یاریگا و ژووری خۆگۆڕینی یاریزانان و ناوبژیوانان و ژووری دەستەی کارگێری نێو یاریگا و دروستکردنی هۆتێلێکی حەفت نهۆمی و سێ یاریگای مەشقکردن و سێ هۆڵی داخراو دەگرێتەوە.



# گرێبەستی یاریزان قوسەی مونیر دەکاتە کۆی گشتی گرێبەستی ٢٠ یاریزانی یانەی کەرکووک

دوای تەواوبوونی قۆناغی یەکەمی خولی بژاردەی عێراق بۆ تۆپی پێی، دەستەی کارگێری یانەی کەرکوك بڕیاریدا نرخی گرێبەست و مووچەی گشت یاریزانەکانی یانەکەی لە خولی بژاردەی عێراق بۆ وەرزی ئەمساڵ ئاشکرا بکات، کە تیاییدا یانەی کەرکووك تەنیا ٢٠ یاریزانی هەیە، نرخی گرێبەستەکانیش بەمشێوەیە بوو.

١- نرخی گرێبەستی یاریزانە سەرەکییەکان، کە ژمارەیان ١١ یاریزانە ١٠٢ ملیۆن دینارە و مووچەی مانگانەی ئەم یاریزانانە پێنج ملیۆن و چوار سەد و پەنجا هەزار دینارە.

٢- نرخی گرێبەستی یاریزانە یەدەگەکان، کە ژمارەیان نۆ یاریزانە ٦٠ ملیۆن دینارە و مووچەی یاریزانە یەدەگەکان سێ ملیۆن و پێنج سەد و پەنجا هەزار دینارە.

٣- نرخی گرێبەستی کۆی گشتی یاریزانەکانی یانەی کەرکووك، کە ٢٠ یاریزانە دەکاتە ١٦٢ ملیۆن دینار و کۆی گشتی مووچەی مانگانەی یاریزانانی یانەی کەرکووك نۆ ملیۆن دینارە.





جێگەی باسە نرخی گرێبەستی ٢٠ یاریزانی یانەی کەرکووك لە وەرزی ئەمساڵی خولی بژاردەی عێراق دەکاتە نرخی گرێبەستی یەك یاریزانی یانەی بەغداد ئەویش یاریزان قوسەی مونیرە، کە گرێبەستەکەی بەپێی سەرچاوەکان زیاتر لە ١٥٥ ملیۆن دینارە.



# هەولێر تاکە یانەیە لە خولی بژاردەی عێراق تووشی دۆڕان نەهاتووە

دوای تەواوبوونی یارییەکانی قۆناغی یەکەمی خولی بژاردەی عێراق بۆ تۆپی پێی، کە یانەی هەولێر لە پێشەنگی یانەکانی عێراق دێت بە کۆکردنەوەی ٤٥ خاڵ، لەم قۆناغەدا یانەی هەولێر ١٩ یاری ئەنجامداوە، لەم ١٩ یارییەدا لە کۆی ٢٠ یانە یانەی هەولێر تاکە یانەیە لە خولی بژاردەی عێراق تووشی دۆران نەهاتووە، کاتێك توانی لە ١٣ یاری سەرکەوتن بە دەستبهێنێت و لە ٦ یاری یەکسان بوو.

یانەی هەولێر لە مانگی ١٠ی ساڵی ٢٠١١ تا (٢٠١٢/٣/١٩) تووشی هیچ دۆرانێك نەبووە، چونکە دواین دۆران کە یانەی هەولێر تووشی بوو بەرانبەر یانەی کوەێت کوەێتی بوو، کاتێك لە (٢٠١١/١٠/٤) لە نێو یاریگەی فرەنسۆ هەریری بە ئەنجامی (٢-سفر) گۆڵ دۆرا، بەڵام دوای ئەم یارییە تا ئێستا تووشی هیچ دۆرانێك نەهاتووە، واتە لە کۆی ٢١ یاری یانەی هەولێر تووشی دۆران نەهاتووە ١٩ یاری لە خولی بژاردەی عێراق و ٢ یاری لە جامی یەکێتی ئاسیا، بەپێی خۆ ئامادەکردنی باش و ئەو ئاستە بەرزەی یانەی هەولێر لەم وەرزەدا نیشانیداوە پێشبینی دەکرێت بەردەوام بێت لە سەرکەوتنەکانی

پێویستە بوترێت لەنێو گشت خولەکانی جیهاندا تاکە یانە لە جیهان تا ئێستا تووشی دۆڕان نەهاتووە یانەی یۆڤانتسی ئیتاڵییە.



لەگەڵ تەواوبوونی ئەم یاریگایە ڕەنگە ببێتە یەکێك لە خۆشترین یاریگاکانی عێراق، و بەپێی وتەی بەرپرسانی وەرزشی شاری کەرکووك نۆژەنکردنەوەی ئەم یاریگایە خزمەتێکی زۆری بواری وەرزشی شاری کەرکووك دەکات، چونکە بە شێوازێکی نوێ و سەردەمیانە نۆژەن دەکرێتەوە.

جێگەی باسە یاریگەی ئۆلۆمپی کەرکووك لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دامەزراوە و دەکەوێتە ناوچەی شۆریجە و پاڵەوانێتی جامی عەرەب لە ساڵی ١٩٨٦ی لێ ئەنجامدراو شوێنی زیاتر لە ٤٠ هەزار کەس دەبێتەوە.

# یانەی ڕیال بێتیس وانەیەکی خۆڕایی پێشکەش بە یاریزانانی کوردستان کرد

هەفتەی ڕابردوو یانەی ڕیال بێتیس میوانداری یانەی ڕیال مەدرید-ی کرد لە خولی ئیسپانیا بۆ تۆپی پێی، لەم یارییە وانەیەکی خۆڕایی پێشکەش بە هاندەران و یاریزانانی کوردستان کرا، چونکە لەم یارییە بەپێی ڕاو سەرنجی گشت شێکەرەوەکانی وەرزشی جیهانی و ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا و جیهان ناوبژیوانی یارییەکە ستەمێکی زۆری لە یانەی بێتس کرد بە تایبەتی لە هەژمارنەکردنی لێدانی سزا لە خولەکی ٩٤ی یارییەکەدا، هەرچەندە یانەی ڕیال بێتیس تووشی دۆڕان هات، کەچی یاریزانانی یانەکە دوای تەواوبوونی یارییەکە بە گیانێکی وەرزشی دەستخۆشیان لە ناوبژیوانی یارییەکە کرد و هیچ نارەزاییەکیان بەرامبەر بە بڕیارەکانی ناوبژیوان دەرنەبڕی لە هەمان کاتدا هاندەرانی یانەکە بە چەپڵەڕێزان یاریزانانی هەردوو یانە و دەستەی ناوبژیوانانی یارییەکەیان بەڕێکرد، بەم کارەش نموونەوەیەکی جوانیان لە پاراستنی گیانی وەرزشی نیشان دا.

ئەوەی مەبەست بێت لەم نووسینەدا، ئەوەیە ئەگەر هاتوو ئەم ڕووداوە لە یەکێك لە یارییەکانی خولی کوردستان ناوبژیوان هەڵەیەکی لەم جۆرەی لە دوا ساتەکانی یارییەکەدا ئەنجام دابا، ئاخۆ چ کارەساتێك ڕووی دەدا، بۆچی یاریزانان و هاندەران و کارگێری یانەکانی کوردستان سوود لە سەیرکردنی خولەکانی ئەورووپا وەرناگرن بۆ ئەوەی لە یارییەکانی خولەکانی کوردستان بەشێوەیەکی پیشەگەرانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان بکەن و نەبنە هۆکاری دروستبوونی کێشە لە نێوان دوو یانە یاخود دەستەی هاندەرانی یانەکان یاخود یاریزانانی یانەکان، چونکە بە پێی چاودێرانی وەرزشی هۆکاری سەرەکی دروستبوونی کێشە لە خولەکانی کوردستان دەستەی کارگێری یانەکانە.

بۆیە دەبێت دەستەی کارگێری یانەکان هەردەم هۆشداری بدەنە یاریزانان و دەستەی هاندەرانی یانەکانیان بۆ پاراستنی گیانی وەرزشی لە نێو یاریگا چ لە بردنەوە یان دۆڕاندن بۆ ئەوەی بتوانرێت ئاستی وەرزشی کوردستان پێش بکەوێت.



# کوردێک و تورکمانێک ڕکابەری لەسەر پۆستی سەرۆکی یانەی کەرکووک دەکەن

وا بڕیارە لە ئایندییەکی نزیکدا وەزارتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی عێراق هەڵبژاردن بۆ یانەکانی عێراق بکات، بەبێ بەشداری یانەکانی شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك، بەڵام یانەکانی پارێزگای کەرکووك بەشداری لەم هەڵبژاردنەدا دەکەن، بۆ ئەم مەبەستە یانەی کەرکووك دەرگای پاڵاوتن کردۆتەوە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوی خۆیان بۆ پۆستەکان سەرۆك و جێگری سەرۆك و سکرتێر و ئەمینداری دارایی و ئەندامێتی یانەکە ڕێبوار توفیق کە ئەندامی یانەکەیە و کوردە پاڵێوراوە بۆ پۆستی سەرۆکی یانەکە، لە بەرامبەر عەبدولکەریم هەمزە، کە سەرۆکی ئێستای یانەکەیە و لە نەتەوەی تورکمانە ئەم دووانە ڕکابەریی بەهێزن.

لە هەمان کاتدا کوردەکان بە تەنیا خۆیان بۆ پۆستی جێگری سەرۆك و سکرتێر و ئەمینداری دارایی پاڵاتووە بەم شێوەیە ئاسۆ عادل بۆ پۆستی جێگری سەرۆك و زەکی مەردان بۆ پۆستی سکرتێر و سیروان نەجەمەدین بۆ پۆستی ئەمینداری دارایی وتا ئێستا هیچ ڕکابەریان نییە، لە هەمان کاتدا ٨ کەس خۆیان بۆ پۆستی ئەندامێتی یانەکە پاڵێوراون ئەوانیش بەم شێوەیە ٣ ئەندامی عەرەب و ٢ ئەندامی تورکمان و ٢ ئەندامی کورد، و ١٥١ کەس ئەندامی دەستەی گشتی یانەکەن کە مافی دەنگدانیان هەیە.

جێگەی باسە یانەی کەرکووك بەشداری لە خولی بژاردەی عێراق و خولی نایابی کوردستان بۆ تۆپی پێی دەکات، هەروەها بەشداری لە زۆربەی یارییەکانی تاك و کۆمەڵ دەکات لە گشت خولەکانی عێراق.